ئێران بەتوندی وەڵامی هەڕەشەکانی تەرەمپ دەداتەوە: ئاگاداری سەربازەکانتان بن



عەلی لاریجانی، سکرتێری ئینجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران دەستبەجێ وەڵامی هەڕەشەکانی دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمریکای دایەوە و ڕایگەیاند، دەستوەردانی ئەمریکا لە دژی ئێران یەکسانە بە تێکچونی دژی ناوچەکە، دەشێت، "ئاگاداری سەربازەکانتان بن".

عەلی لاریجانی، سکرتێری ئینجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران وەڵامی پەیامەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە دەستوەردان لە ناڕازایێتییەکانی ئێران دایەوە و ڕایگەیاند، "بە لەدوانەکانی ترەمپ و بڕپرسانی ئیسرائیل، ئێجێندا شاراوەکانی پشت پەردەکان ڕون بوونەوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "تەرەمپ دەبێت درک بەوە بکات کە دەستوەردان لە بابەتێکی ناوخۆی ئێران دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە و تێکدانی بڕژوەندییەکانی واشنتن، ئەمە جیاوازی دەکەین لە نێوان داخوازییە ڕەواکانی خێپیشاندەران و کەسانی تێکدەر".

لاریجانی دەڵێت، "پێویستە گەلی ئەمریکا بزانێت کە ترەمپ ئەو سەرکەشییەی دەستپێکردوە، پێویستە ئاگاداری سەربازەکانیان بن".